# هەڵبژاردنەکان ، ئاستەنگەکان ، هەڕەشەکان
# ئاییندەی کورد چۆن دەبێت ؟

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

سال و عەیامان دروست پەنجاکان و شەستەکان ، تا نیوەی یەکەمی حەفتاکانیش کە ئیمەمانان هێشتا لە شوێنی خۆمان هەڵنەکەنرابووین ، لە سلێمانی پیاوێک هەبوو لە ناو بازار نزیکی مەیدانی ماستەکە بە ناوی ساڵحە شەل ، دووکانێکی نیمچە بەقاڵیی و عەتاریی هەبوو، خەڵکی گوندولادێ ڕوویانتێدەکرد و بەرهەم و شتی خۆیان لا ساخدەکردەوە، بەرامبەر بەمەیش شتوومەک و شتی پێویستیان لەو دەکڕی . بەبیرم دێت لە کۆتایی شەستەکاندا دووکانەکەی کاک ساڵح ئاگری لێکەوتەوە و گڕی گرت ، خەڵکی گەرەک و دەرودراوسێ و خێرخوا کە بەمەیانزانی هەموو بەرەو پیری ڕووداوەکە چوون و لەلاشەوە تیپی ئاگرکوژاندنەوە و خاوەن دووکانیان ئاگادارکردبوو ، زۆری پێنەچوو تیپەکە گەیشتنە شوێنەکە و بە پاچ و پێمەڕەوە کەوتنە دووکانەکە تا گاگرەکە بکووژێننەوە ، لەو کاتەدا کە گاگرەکە دادەمرکایەوە و چی لە دووکانەکەشدا هەبوو ، هەر هەمووی یان سووتا یان کەڵکی نەما ، ئالەوکاتەدا کاک ساڵح گەیشتە سەر دووکانەکەی و دەیکێشا بەسەری خۆیدا ، هاواری دەکرد : باوکەڕۆ ! باوکەڕۆ ! جێژنی مشکەکانە . خەڵکەکە تێی وروکابوون دڵخۆشییان دەدایەوە و پێیاندەوت : ددان بەخۆتابگرە و تەحەمولت بێ ، خوا گەورەیە و ماڵی دنیا هیچ نییە ، هەر سەر سەلامەت بێت هەموو شتێک دەبێتەوە ، یەکێکی تر لەولاوە : کوڕە عەیبە کاک ساڵح پێویست بەو شیوەن و گریانە ناکات ، ماڵی دنیا چییە تۆ وای بۆدەکەیت ! . ئەویش لەبەر خۆیەوە دەیوت : سەری چی و تڕی چی ! بەخوا ماڵم وێران بوو ! چاو چاو مشکەکان چۆن هەڵدەپەڕن لە خۆشیاندا ، باوکەڕۆ باوکەڕۆ ، جێژنی مشکەکانە .

**خوابکات کێشەکەی ئێمەیش وەکوو دووکانەکەی کاک ساڵحی لێنەیەت !**

---

بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا و دوای هەڵتەکاندنی ڕژێمی فاشیست و دیکتاتۆری بەغدا لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەوە ، هەڵبژاردنێکی ئازادو ئاشکرای ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق ئەنجام دەدرێت و وابریارە ـ ئەگەر دوای نەخەن ـ لە کۆتایی ئەم مانگەدا کانوونی دووەمی 2005 هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی لە کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عێراق ، بە جیاوازی نەتەوە ، مەزهەب ، تایفە ، تیرەو هۆزەوە ، بچنە بەردەمی سندووقی هەڵبژاردن و دەنگی خۆیان بدەن بۆ

ئەنجوومەنی ناوبراو کە دوابەدوای دەستوورێکی هەمیشەیی و حکوومەتێکی نوێی لێدەکەوێتەوە ، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران .
هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق نیگەرانی و دڵەڕاوکەی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوەتە مەیدان بە تایبەتی مێژووی سیاسی عێراق بەدرێژایی 83 ساڵی ڕابوردوو مێژوویەکی ئاڵۆز و نائارام و خوێناوی بووە، مێژووی زوڵم و چەوساندنەوە و بەڵێن شکاندن و کەڵەکەکردنی درۆودەلەسە و ساختەی یەک لەدوای یەک ، مێژوویەک کە هەلومەرجی لەباری وەهای تیا نەهاتە کایەوە تا دیموکراتی لەدایک ببێت و لەسەر قاچی خۆی بوەستێت . ئەمە بۆخۆی چەند مەسەلەیەکی گرنگی ئەتنی و مەزهەبی و تایفی ورووژاندوە کە سەرنجی سیاسەتمەدارو چاودێری سیاسی و ڕەوشنبیر ڕادەکێشێ بەلای خۆیدا و دەهێنێ لە ئاستی هەر یەکێکیاندا ئیستێک بکەیت و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەسەربکەیت و لەسەری برۆیت .
هەڵبەتە مەسەلە گرنگەکان ( چ عێراقی بێت یا کوردستانی ) ئەوانەن کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون و نەکەوتوون بەلایەکدا و هەریەکەیان خۆی هەڵگرتوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دارشتنی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق کە چارەنووسی هەموولایەک ـ بەچاک یا خراپ ـ دیاریدەکات .
کێشە گرنگەکانی ناو عێراق لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە (1914) دەستپێدەکات ، ئەوکاتەی ئیمپراتۆری عوسمانی تیا ڕووخا و ئینگلیزەکان عێراقیان داگیر کرد و لەسەر داروپەردووی سێ ولایەتە ڕووخاوەکەی بەسرە ، بەغدا و موسل ـ ی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هاتن عێراقێکیان لە سێ پێکهاتەی جیاواز و لەیەکنەچووی وەک شیعە ، سوننە ، کورد درووستکرد و بەزۆر لکاندیان بەیەکەوە و فەیسەڵی کوڕی حوسەین یان لەدەرەوەی وڵات هێنا و تاجی پاشایەتییان لەسەر سەری داناو حکوومەتیشیان بۆ دامەزراند لە ساڵی 1921 دا .
ئەم پێوەلکاندنە بەزۆرەی سێ پێکهاتەی نەتەوەیی ، مەزهەبی ، تایفی ، کلتووری لەیەکنەچووی زۆرجیاواز و دوور لەیەک ، لە ئاژاوە و چەوساندنەوە و خوێنڕشتن و پەلاماردانی یەک بەولاوە هیچی تری لەگەڵ خۆی نەهێنا و بە درێژایی هەر 83 ساڵەکەی ڕابوردوو دەسەڵات لە عێراقدا کەوتبوە دەستی پۆلیس و موخابەرات و عەسکەرتارەوە کە عەقڵی شۆڤێنی بەرهەم دەهێنا لە دوای خۆیەوە و کاروپیشەیان زیاتر داپلۆسین و ڕاونان و گرتن و کوشتنی هاوڵاتیان بوو بە هەموو توێژوچینەجیاجیاکانەوە ، بە جیاوازی نەتەوەشەوە .
ناکۆکی و ململانێکانی نێوان سێ پێکهاتەکەی شیعە ، سوننە ، کورد هەتادەهات توندوتیژ دەبوو و ڕووی لە زیادبوون و هەڵچوون بوو ئەگەرچی هەر سێ لایەکە لە سەرەتاوە بە توندی دژی داگیرکردنی عێراق بوون لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ( 1914 ) ئەوەبوو لە ساڵی ( 1920 ) دا شۆڕشیان بەرپاکرد کەبەشۆڕشی بیست ناوی دەرکرد و ناوچەیەکی زۆری عێراقی گرتەوە و شاری

نەجەف و دەوروبەریان کردە ناوەندی شۆڕشەکە و داوای چوونە دەرەوەی ئینگلیزەکانیان دەکرد لە عێراق ، بەڵام زۆری پێنەچوو ئینگلیزەکان بە زەبری چەکی نوێی ئەو سەردەمە ، پاش کوشتارو خوێنێکی زۆر لەهەردوولا توانییان شۆڕشەکە دامرکێننەوە و بڵاوە بە شۆڕشگێران بکەن و جارێکیتر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەنەوە . لەوساوە شیعە مەزهەبەکان دژی ئینگلیزو حکوومەتی ناوەندی یەک لەدوای یەکی بەغدان بەتایبەتی ڕێگایان پێ نەدرا بە درێژایی ئەم 83 ساڵە دەسەڵات بگرنە دەست ، بۆیە ئەوان کە زۆرینەن، لەوکاتەوە خۆیان بە چەوساوەو بەشخوراو دەزانن و خەون دەبینن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەسەڵات بگرنە دەست و حوکمی عێراق بکەن .

بەڵام سوننە مەزهەبەکان کە لە ناو خۆیاندا دەبنە چەند بەشی وەکوو پاشماوەی بەعس و سەددام کە حوکم و دەسەڵات و بەرژەوەندییان لەدەست داوە ، توندڕەوە سەلەفیەکان ، دیموکرات ، لیبراڵ ، نەتەوەیی ، سۆشیالیست ، کۆمۆنیست و ..... هتد بەتوندی خەبات دەکەن دەسەڵات لەدەستی خۆیاندا بمێنێتەوە و دەرگا لە شیعەکان داخەن و ئەو عێراقە نوێیە تێکبدەن کە دەوڵەتێکی یەکگرتووی دیموکراتی لێ دەکەوێتەوە و ئەمەریکا دەیەوێ دایمەزرێنێ ، چونکە زۆربەی ئەمانە خۆیان بە نوێنەری شەرعی نەتەوەی عەرەب دەزانن و ناسنامەی نەتەوایەتی بە موڵکی خۆیان دەزانن ، بە پێچەوانەی شیعەکانەوە کە زیاتر خەریکی ولایەتی فەقیە و بەیتولماڵ و حەوزەی عیلمین بۆیە دەبینین زۆرینەی ئەمانە کە بڕوایان بە دیموکراتی و گۆڕانکاری و چاکسازی و عەولەمە و مافی مرۆڤ نییە ، بە هاوکاری و پاڵپشتی کۆمەڵێک دەوڵەتی عەرەبی چالاکی جۆراوجۆر دەنوێنن بۆئەوەی هەڵبژاردن لە عێراقدا دوابخەن نەک لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە لەبار نییە ، بەڵکوو لەبەرئەوەی دەزانن کە شیعەکان زۆرینەن و ترسی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتیان لەدەستدا نەمێنێ و بۆ یەکەمجار شیعەکان هەڵبژاردن بەرنەوە و دەسەڵات بگرنە دەست . هەموو شیرەشیرێکیش کە ئەوان دەیکەن دەربارەی دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ چوونە دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق لە فشوهوورو درۆودەلەسەو هەڵوێست فرۆشتن بەولاوە هیچی تر نییە چونکە ئەوان هەموو کاتێک ئامادەن دەست بخەنە دەستی ئەمەریکاوە بە مەرجێک کوردو شیعە دەستکەوتی سیاسییان نەبێ ، لەبەر ئەوەیە لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا ، عێراق بۆتە مەیدانێکی تەراتێن و ململانێی نێودەوڵەتی و ئەمەریکاو ئینگلیزی ڕاکێشاوەتە بەردەمی تاقیکردنەوەیەکی تاڵ وتفت و ئاڵۆز کە جارێ ئەوانیش سەریان سووڕماوە و دڵنیانین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت ، بەتایبەتی هێشتا ئارام و ئاسایش سەقامگیر نەبوە و ململانێکان هەتا دێ ڕووی لە زیادبوونە ، ئەمە وایکردوە بڕواو متمانەی نێوان هێزەکانی هاوپەیمان و گەلی عێراق ( بەتایبەتی سوننە ) ڕووی لە لاوازبوون بێت ، بە پێچەوانەی ڕاپەرینی عەرەب ( 1916 ـ 1917 ) لە حیجاز ـ شاری مەدینە ـ بە سەرکردایەتی حوسەین کوڕی عەلی و فەیسەڵی کوڕی دژی ئیمپراتۆری عوسمانی بە هاوکاری ئینگلیزەکان کە

سوریا و فەلەستینیشی گرتەوە و لە ئەنجامدا حوسەین دەسەڵاتی گرتە دەست لە حیجاز و کوڕەکەشی کرا بە پادشای عێراق .
پێکهاتەی سییەم لە عێراقدا گەلی کوردە کە نیشتیمانەکەی بەزۆر لکێنراوە بە عێراقەوە و خاوەنی گەورەترین و ئاڵۆزترین کێشەی نەتەوەییە لە جیهاندا و ماوەی 83 ساڵ بەهۆی باری جوگرافیای جوپولیتیک و شەڕی سارد و ململانێی ئیقلیمیی و نێودەوڵەتی و سەرهەڵدانی شۆڤێنیزمی عەرەبی و سەلەفی توندڕەوەوە کێشەکەی بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و نەکەوتوە بەلایەکدا ، لەبەرئەوەیە دەبینین کورد لە کوردستانی باشوور بەهۆی هەلومەرجی سیاسی دوای رووخانی سەددامەوە بەرەوڕووی چەندین ناکۆکی و ململانێ و بەرژەوەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆتەوە کە کەمێکیان نەبێت ، زۆریان لە خزمەتی گەلی کوردا نین بەتایبەتی ململانێ وزۆرانبازی دەولەتانی عەرەبی و ئیسلامی لەگەڵ ئەمەریکا و ئینگلیزدا کە نایانەوێت کورد بە هیچ شێوەیەک بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد ببێت بە مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیشەوە . هەڵبەتە لەم ڕووەوە کورد خۆیشی هەڵە و خەتاو گوناهی زۆری هەیە و نەیویستوە یان نەیتوانیوە گەمەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی باش بکات و دەرفەتی باشی ڕەخساندووە بۆ دوژمنەکانی و زیاتر خەریکی خۆی بووە و بیری لەمەسەلە ستراتیژی و نەتەوەییەکان نەکردۆتەوە و زۆرجار مەسەلەکەی داوەتە دەست قەدەر و دەروێشانە و سۆفیانە ملیان ناوە و کاتێک ئاوریان داوەتەوە زۆر شتیان لەدەست چووە و ئەوەی دەبوو بکرێت نەیانکرد و ئەوەیش کە دەبوو نەکرایە ، کردیان و میللەتەکەشمان تووشی زەرەرو زیانی ماڵی و گیانی و سیاسی و دیپلۆماسی زۆر بوو کار گەیشتە ئەوەی لە هەندێک جاردا کردارێک یان ڕەفتارێکی نابەجێی خواروخێچ چەند ساڵێک ئێمەی گێراوەتەوە بۆ دواوە و دەیان نیشانەی پرسیاری نێودەوڵەتیشیان لەسەر داناوین !! ئەم کێشانە بەگشتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە و دیراساتی زۆر هەڵدەگرن و ئێرە شوێنی ئەوە نییە .
ئێستا گەلی کورد دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغداو دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکم و داڕشتنی دەستووری کاتیی بۆ عێراق و دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتی لە عێراقدا بەرەوڕووی تاقیکردنەوەیەکی نوێی هەڵبژاردن دەبێتەوە لە عێراقدا کە جارێ کەس نازانێ چۆن دەبێت و بەرەو کوێ دەڕوات . حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ( پارتی و یەکێتی ) بانگەشەی بەشداربوونی هەڵبژاردنەکە دەکەن و لە ڕێگای دەزگا جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە پروپاگاندەی بۆ دەکەن و هانی جەماوەر دەدەن کە دەنگەکان لە کیس خۆیان نەدەن و داهاتووی تەواوی گەلی کوردیان بەستۆتەوە بە ئەنجامی هەڵبژاردنی ناوبراوەوە .
هەرچی شەقامی کوردیشە هەتا بڵێی نیگەرانە و دەترسێ ئەنجامەکەی بە شتێکی خراپ بشکێتەوە بە سەر گەلی کوردا و ئەو دەرفەتە کەمەی ئێستا لەبەر دەما ماوە ئەوەیش نەمێنێ و میللەتەکەمان

مایەپووچ دەرچێ و خوێن و قوربانیدانی چەند ساڵەی ڕۆڵەکانی گەل بە فیڕۆ بڕوات و جارێکیتر ببینەوە بە ژێردەستەی نەتەوەی باڵادەست و لەگەڵ ئەواندا سەر لەنوێ دەستپێبکەینەوە و بەرەوڕووی ناکۆی و ململانێی توندی بێ سەروشوێن و هەتاهەتایی ببینەوە و نەوە لە دوای نەوە لە دەستی یەکتری وەرگرینەوە .

من بەشبەحاڵی خۆم بڕوام نییە خەڵکی ڕۆشنبیرو بەئاگا ، سیاسەتمەدار و کۆمەڵناس ، دڵسۆزو نیشتمانپەروەری گەلەکەمان دژی پرۆسەی هەڵبژاردن بن ئەگەر مافە نەتەوەیی و ڕەواکانی گەلەکامان دابین بکات و سەری تیا نەچێت و شەرەفی کوردی تیا پارێزراوبێت چونکە هەڵبژاردن بەشێکە لە پرۆسەی دیموکراتی و ئازادی ئەگەر بە باشی پیادە بکرێت و ئەنجام بدرێت ، خەڵکی ئازاد و دیموکراتیش دەزانێ مافی بەرامبەرەکەی چییە !

هەڵبژاردن لە عێراقدا کەسانێک ، چەند لایەنێک پێی هەڵدەستن کە تائێستا پیادەی پرۆسەی دیموکراتییان نەکردوە و تام و چێژەکەیشی نازانن ، ئەوانە لەناو تەپوتۆزی ناکۆکی و ململانیە کۆنەکانی نەتەوەیی ، مەزهەبی ، تایفی ، کلتوری تەراتێن دەکەن و درێژە بە سیاسەت و بیرکردنەوە و کرداری هەشتاوسێ ساڵەی تەپوتۆزلێنیشتووی ڕابوردوو دەدەن و زۆربەیان بڕوایان نییە کە نەتەوەیەک هەیە بەناوی کورد و خاکێک بە ناوی کوردستان و بە داخەوە دەڵێم کە هەندێک لەوانە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران کەچی وادەزانن کە کورد میوانە لەسەر خاکەکەی خۆی یاخودماڵی ئەوانی تاڵانکردوە . ئەمە وای کردوە کە میللەتەکەی ئێمە بکەوێتە گومانەوە و لە خۆی بترسێ .( قسەوباس زۆرە لەسەر نەتەوەپەرستانی عەرەب ، بە وتارێک و دوان تەواو نابن )...... شانبەشانی ڕەخنەو گلەیی و گازندەکان ڕاستییەک هەیە کە پێویستە بە ویژدانەوە ئاماژەی پێبکرێ و لەیادی نەکەین ئەویش بریتییە لە ژمارەیەک دەستکەوتی چاک کە لە دەستووری کاتیی عێراقدا دانی پیادانراوە ، ئەگەرچی ناتەواوە بەڵام زۆر زیاترن لە دەستکەوتەکانی تر کە پێشتر بەدەست هێنراون ( بۆ نموونە بەیانی 11 ی ئازار ـ ی ساڵی 1970 ) ، ئەمە جگە لەوەی 13 ساڵە کورد خۆی خۆی دەبات بەرێوە لە کوردستان و دوژمن ـ کەمێک نەبێت ـ نەیتوانیوە لێی تێکبدات . لێرەدا پرسیارە سەرەکییەکە بەرەوڕوو دەبێتەوە : ئایا کورد هەڵبژاردن بکات یان نەیکات ؟ هەڵبژاردنیش بە مانای ئەندامەتی کورد لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکوومەتی عێراق . لەهەردوو حالەتەکەدا پارتی و یەکێتی قورسایی سیاسی زۆر دەکەوێتە سەرشانیان و دەبێ دوو جۆر تێکۆشان بکەن ، یەکەمیان نێودەوڵەتییە و ئەوی تریان ناوخۆییە ، ئەوەی یەکەمیان هەوڵ وتەقەلای زۆر و خۆهیلاککردنە لەگەڵ ئەمەریکا و ئینگلیز و دەوڵەتانی تری ئەوروپا ( یەکێتی ئەوروپا ) و ئەوە بهێننەوە بیریان کە ئینگلیز وفەرەنسا بە پێی پەیمانی سایکس بیکۆی نێوان خۆیان کوردستانیان بەزۆر لکاندووە بە عێراقەوە بەبێ ئەوەی پرس بە کورد بکەن و ساڵی 1921

ئینگلیزەکان بە هاوکاری مستەر چەرچلی وەزیری موستەعمەراتی ئەوسای بەریتانیا و دواتریش سەرۆک وەزیری بەریتانیا ، فەیسەڵی کوڕی حوسەین یان هێناو کردیانە پادشای عێراق و باوکیشی (حوسەین کوڕی عەلی ) کرا بە پادشای حیجاز ، ئەمەیش بەهۆی ئەو هاوکارییەوە بوو کو ئەوان کردیان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دژی ئیمپراتۆری عوسمانی . هەروەها باسی ئەو بەڵێنانەیان لەگەڵ بکرێت کە کاتی خۆی حکوومەتی بەریتانیاو عێراق بە کوردیان دا و هیچی لێ سەوز نەبوو ، ئەمانەو زۆر دۆکومێنت و شتی تر هەن کە دەکرێ لەسەر مێز هەڵبڕێژرێن و پیشانی بدەن لە کاتی پەیوەندی بەو دەوڵەتانەوە ، هەروەها دەبێ بە زەقیی باسی مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەتی کوردیان لەگەڵ بکرێت کە خواستێکی گەورەی گەلی کوردە .

لایەنی دووەمی تێکۆشانەکە برێتییە لەوەی عەرەبی عێراق هوشیار بکرێنەوە کە کورد ئەسڵ و فەسڵی ناچێتەوە سەر عەدنان و قەحطان و عەرەب نییە و نەتەوەیەکی جیاوازە لە عەرەب ، عەرەب چۆن شتی باشی دەوێت بۆ خۆی ، ئاوەها کوردیش هەقێکی ڕەوای خۆیەتی و وەکوو ئەوی دەوێ و چیتر قەبووڵ ناکات فێڵ و درۆی لەگەڵ بکرێت و دەبێ بە روون و ئاشکرا مافەکانی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دەستنیشان بکرێت و بچەسپێت بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندی کورد تەواو دەبێت و ماوەی هەڵوەشاندنەوەی نەبێت لە شێوەی کوردستانێکی ڤیدرال کە خاوەنی ئاڵاو حکوومەت و پەرلەمان و دەستووری خۆی بێت . هەروەها دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان کە لە شاخی حەمرینەوە دەستپێدەکات لەگەڵ بەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سامانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی یەکسان ، هەروەها پەیرەوکردنی سیاسەتی نەوتی کورد بۆ کورد . لەپاڵ ئەمانەدا دەبێ کورد هەوڵی ئەوە بدات گەرەنتی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکات بۆ هەموو مافەکانی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لێ ئاگادار بکات . بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پرسیاری زەق لە برا عەرەبەکان بکرێت : ئایا هۆی چییە ئەوان لەم مافانەی کورد دادەچڵەکن و مل نانێن بۆ خواستی 5 ملیۆن مرۆڤی کورد ئەگەر ئەوان نیازیان پاکە و بە تەمای پیلان دارشتن و خراپەکاری نین لەداهاتوودا دژی کورد ! ؟ چونکە ئەمە 83 ساڵە کورد لەگەڵ هەڵچوون و داچوونی سیاسیدا دەژی لە عێراقدا و بەرەورووی بیری شۆڤێنی توندرەوی عەرەبی دەبێتەوە و بەشخوراوە لە هەموو مافەکانی . کە ئەو خاڵانەی سەرەوە چەسپان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لێ ئاگادارکرا ، ئیتر پێویست ناکات کورد سەری خۆو بە کەرکووکەوە بیەشێنێت و گومان بۆ شارێکی کوردستانی پەیدابکات و بیداتە دەست قەدەر و مەبدەئی تەوافوق کە لەوانەیە بە زیانی کورد تەواوبێت !!

هەڵبەتە ئێمە زۆرمان دەزانین کە دەوڵەتانی عەرەب و ئیسلامیەکان فشاری زۆریان خستۆتە سەر ئەمەریکا بەڕادەیەک ئیدارەی بوش یان والێکردوە بە هێمنی جۆرە ئابلۆوقەیەک بخاتە سەر وشەی

کوردستان ، لەم کاتەدا ئیدارەی ئەمەریکا مەبەستیان ئەوەیە کە کێشەی کورد نەبێتە شتێکی سەرەکی لە پرۆگرامی ئەواندا ، بەو مانایەش نا کە کورد هیچ دەستکەوتی نەبێت لە داهاتووی عێراقدا !

بەلای نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانی عەرەبەوە دوژمنایەتیکردنی کورد هەتا بلێیت کارێکی ئاساییە چونکە ئەوان ددان نانێن بە هیچ کەمایەتی و نەتەوەیەکی تر کەلەگەڵ عەرەبدا دەژین و خاکی هەموو ئەوانە بە هی خۆیان دەزانن ، ئەوانە هەتا ئێستاش خەون دەبینن جوولەکە فرێبدەنە ناو دەریاوە . بۆ نموونە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 9/ 2005/1 لە نایروبی پایتەختی کینیا ئاهەنگی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان حکوومەتی سوودان و بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی خوارووی سوودان بە ڕێوە چوو کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و میوانێکی زۆر لە هەموو شوێنێکی دنیاوە بەشدارییان تیداکرد ، ژمارەیەک لە سەرۆک و کەسایەتی عەرەب کە بانگهێشت کرابوون بۆ ئاهەنگەکە چاویان بەرایی نەهات بەشداری بکەن و نەچوون ، چونکە ئەوانە خاکی خوارووی سوودان کە نەتەوەیەکی فەلە( مەسیحی) ئەفەریقایی جیاواز لە عەرەب لەسەری دەژی بە خاکی عەرەب لە قەڵەم دەدەن .

نموونەیەکی تر کۆبوونەوەکانی خێڵە عەرەبەکانە لە خوارووی عێراق سەبارەت بە سیستمێکی ڤیدرالی بۆ خۆیان کە لەلایەن هەندێ کەللەسەری تویکڵ ئەستووری توندرەوی عەرەبەوە ناوی (کۆماری دیموکراتی خوارووی عێراق) یان لێناوە .

کوردیش ماوەی 83 ساڵە بەم شێوەیە مامەڵ دەکرێت و ئێستایش بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکان گەشبینن و دەیانەوێ جەماوەر هاوکارییان بکەن و دەنگ بدەن بۆ هەڵبژاردن کە بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەبێ کەموکوڕی نابێت بە تایبەتی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی شیعەو سوننەو هەندێکیش لە کورد نایانەوێ بەشداری بکەن .

بەهەرحاڵ لەهەلومەرج و بارودۆخی ئەمرۆی عێراق و کوردستاندا کورد دەتوانێت بەشداری هەڵبژاردن بکات بەو مەرجەی بە سەربەرزی لێی بێتە دەرەوە ، ئەمەیش مانای ئەوەیە پێشینە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی گۆڕەپانی سیاسی خواستەکانی کورد هەڵڕێژن و بە ڕاشکاوی قسەوباسی خۆیان بکەن و دڵنیابن لە چۆنێتی دارشتنی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراق ! هەروەها مافە بەنرخ و بەهاکانی گەلی کورد .

هەر کە زانییان ئەوانە خۆیان نادەن بەدەستەوە ئەوا یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و بەشداری نەکەن لە هەڵبژاردن و میللەتی عێراق بەکورد وعەرەبەوە ئاگاداربکەن لە هۆی بەشدارینەکردنەکە ، ئیتر لەم حاڵەتەدا کورد بەرەورووی خەباتی سیاسی و شارستانی و ئاشتیخوازانە دەبێتەوە کە نابێ

سڵی لێبکاتەوە چونکە نەئەمەریکا ونە دەوڵەتە ئیقلیمیکان ناتوانن دەست بوەشێنن بە تایبەتی ئەمەریکا پەیامی عەولەمە و دیموکراتی و مافی مرۆڤی پێیە جگە لە بەسەرچوونی سەردەمی حوکمی توتالیتارو دیکتاتۆر لە دنیادا . بەم شێوەیە لیستی کوردستانی دەتوانێ هەنگاوی باش بنێت و بۆ پێشەوە بڕوات ، ئەگەر چی بەداخەوە دەڵێم کە سەرکردایەتی کورد لەمەیدانی تێکۆشاندا تووشی کۆمەڵێک هەڵەی گەورەگەورە بوون و هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراون وەکوو:

یەکەم / سەروەختێک هەموو ئەوانە وا تێگەیشتبوون کە دەسەڵات لە لوولەی تفەنگەوە هەڵدەقوڵێت و هەموو شتەکان لەوێوە خۆیان دەدەن بەدەستەوە و کارەکەشیان بەباشی ئەنجامدا ، بەڵام کە کار گەیشتە سەر تەواوکردنی کارەکە کە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسییە، ئەوان سەرکەوتوو نەبوون چ ناوخۆیی چ عێراقی و چ نێودەوڵەتی .

دووەم/ ئەوان هەتا نانیان بە ساجەوە نەسووتابێ هاواریان لێ هەڵنەساوە وەکوو نە بایان دیبێ و نەباران.

سێیەم/ هەتا فشاری دەرەوەیان نەخرابێتە سەر نەیان ویستووە کۆک و تەبابن .

چوارەم/ شەفافیەت لای پارتی و یەکێتی یان قەدەغەیە ، یان عەیبەیە ، ئەگەنا من تێناگەم بۆچی ئەوان ڕاستیەکان لە میللەت دەشارنەوە ئەگەر ئەوان خۆیان بە نوێنەری میللەت دەزانن .

پرسیاری دوایی منیش ئەوەیە : ئایا فریای هیچ دەکەوین ؟ چونکە درەنگە !

ستۆکهۆڵم ـ عارف کەریم
2005/01/14